
# جیهانی مناڵان

## گۆڤارێکی فەلسەفی، ئەدەبی و هونەریە
## دەربارەی مناڵان


### بەرکوڵێك لە ژمارە 12



ئه‌فسانه‌ی یاساو رِێسای ئه‌وساو ئێستای زرێوار و مه‌ریوان و قه‌بری ده‌رویش و
به‌رهه‌می خۆشه‌ویستی خوشک و برایه‌ک له‌ژێر ده‌سته‌ڵاتی حکوومه‌تی  عه‌دلی ئیلاهی دا ؟!

www.jihanimindalan.just.nu

# ئەفسانەی یاساو ڕێسای ئەوساو ئێستای زریوار و مەریوان و قەبری دەرویش و بەرهەمی خۆشەویستی خوشک و برایەک لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی عەدلی ئیلاهی دا ؟!



شەو درەنگانێك دەروێش بە پەشم و ڕیش و کەشکۆڵ و شمشێر و زەرگ و دەف ... کەرو هاوسەری هەردوو ئاوسیەوە، ڕێی دەکەوێتە بەردەرکی قەڵای شاری پێتەختی فەیلەقووس.

بۆ بەدبەختی دەکەوێتە ناو بۆسەی پاسەوانانی خاص وتایبەتی! تەخت و بەختی شا و شارەوانی.

بۆ لێکۆڵینەوەی ڕامیاری و ئەمنیەتی، دەرویش و ژن و کەرو کورتانەکەی لێك هەڵداویرن. پاش چەند ڕۆژ دەرویشی چەرمەسەرێ دراو، و ژن و کەری بەراویتەکراو! پێکەوە لە ناوەڕاستی شاردا بەرەڵادەکەن.

دەرویشی ڕەنج بەخەسار و هەناسەسارد، بۆ سکاڵا پەنا دەباتە بارەگای دادگای گشتی شاری شاهەنشا نشین و لە ڕیزی شکات کەراندا ناونووسی دەکرێن. پاش چەن ڕۆژ نۆرەی دێ و دادگایی دەکرێ. پاش حەوتویێك شۆر و مەشوەرەتی کۆمیتەی دادوەران، حوکمی یاسا و عەداڵەت، بە ئیمزای دادوەران و مۆری تایبەتی دادگاوە تەحویلی دەروێش دەدرێت.

دەروێشیش خۆشیخۆشی دەچێتەوە بەر دەرگای گاردی کۆماری و حوکمی دادگا دەنوێنی.

پاسەوانان بە ڕێز و حورمەتەوە، نامەی سەربەمۆری دادگا و ژن و کەرەکەی ڕەسمەن لێ تەحویل دەگرن و بۆ جێگایەکی نادیاریان دەگوێزنەوە. پاش چەن سەعاتێك چاوەڕوانی ئیزنی دەدەن و دەڵێن مام دەروێش گیان بڕۆ دوایی وەرەوە.

دەروێش دەڕوا پاش چەن سەعاتێك دێتەوە داوای هاوسەر و کەرەکەی دەکات، پاسەوانەکان پاش ماوەیەك لە ئەندەروونەوە وەڵامی بۆ دێننەوە و دەڵێن:

مام دەرویش لە لایەن دادگاوە بڕیار دراوە ژن و کەرەکەت وەکخۆی لێبکەنەوە. زەرەر و زیانت بۆ قەرەبوو بکەنەوە ئەوکارەش لانی کەم 3 تا 4 مانگ دەخایەنێ! بڕۆ پاش سێچوارمانگی دیکە وەرەوە بیانبەرەوە.

دەرویش بەبیستنی بڕیاری دادگا، دنیای لێ تاریك دەبی نازانی چ بکات. بێ ئەوەی ئاگای لەخۆی بێت لەپەوڕو لێدەکەوی لە دەروونەوە لە خوای خۆی دەپاڕێتەوە دەڵێ:

خوایە ئەگەر ئەم دام و دەزگا و قودرەت و قانونە نوقم و نوغرۆ نەکەی فەرقی تۆ و فەیلەقووس بۆ من و وەك منەکان چییە؟؟!!.


بیهۆش دەکەوێ پاش چەن شەوو ڕۆژ، کە دیتەوە سەر هۆش، مەعازەڵا شوینەوارێك لە کۆشکی شاو شار نەماوە! کە باشتر تیدەفکرێ تەنیا قلیپۆپەی قەڵای فەیلەقووس دەبینێ ئەویش وردەوردە نوقم دەبێ، ئیتر لە جێگەی شاردا جگە بەحرێکی بێ بن شتیکی دیکە نابینێ. دەنگێ لەغەیبەوە دێت دەڵی:

بە چاوی خۆت قودرەتی خوات بینی؟ دەروپش لە خۆڤ خوای خۆی زریکەیەکی لێ دەبێتەوە و سارد دەبێتەوە!

(( ئا ئەمەیە "ئەفسانەی" گۆلی زرێوار و قەبری دەروێش.))؟!

## ڕاستە کە دەڵێن مێژوو وەکخۆی قەت سەر هەڵناداتەوە؟

## دەنا دەبوایە ؟؟!!!



کوتووپڕ و لەناکاو باسی بەرھەمی خۆشەویستی خوشك و برایەك لە بناگوێی شارە ئەفسانەییەکەی ئەوسای فەیلە قووس و گۆلی زرێواری ئێستا، وەك دەنگ و باسی بۆمبارانی ئەتۆمی ئەوسای شاری ھیرۆشیما و شیمیایی بارانی دوێنێی شاری ھەڵەبجە، بەھۆی فەڕ و بەرەکەتی ئەنتەرنێت و کاناڵە ئاسمانی و زەوینیەکانەوە، ئاسمان و زەمینیان بۆ پڕکردوین، وەك دەنگی ناقوسی ئەوسای کلیساکانی ڕۆم، بێ پشوودان و حەسانەوە دەنگ دەداتەوە.

زۆر جێگای سەرسووڕمانە؟! ئەم دوو خوشك و برا مێرمنداڵە کەوتنە بەر لافاوی نەفرەتی سەرجەم ئیدئالستەکان و بێدەنگیو چاو نووقاندنی ھەتا پسپۆڕ و پێتولە ماتریالیستەکانیشەوە!

بە داخەوە کەس نەھاتە زمان و بڵێ:

ئاخر بەگوێرەی پەڕاو و پەرتووکە ((ئاسمانی و دینیەکانی)) موسایی و مەسیحیو موسوڵمانەکانیش، خۆشەویستی و پێکەوە ژیانی خوشك و برا، دیاردەیەکی سورشتی و بنەڕەتی مرۆڤایەتیە کە بە خواستی خواو یەکەمین پێغەمبەرە ھاوبەشیەکەی موسایی و مەسیحی موسوڵمانان واتە ( ئادەم، باوکی گشتی بەشەرییەت) ئەگەر نەڵێین بە ملیونەھا، لانی کەم بە ھەزاران ساڵ پێکەوەژیانی خوشك و برا، برەو و ڕەوا و ڕەواجی ھەبووە.

ئەم شێوە خۆشەویستی و پێکەوە ژیانە بۆ خوشك و برای تەمەن لێك نزیك و بەدوای یەکدا ھاتوو، بەتایبەت خوشك و برای لفەدوانە، لای پسپۆڕانی کۆمەڵناسی عیلمانی ھێندە دیاردەیەکی سورشتی و ئاساییە، ڕەنگە شایانی مەنع و نەفرەتیش نەبێ، ھەروەھایش بێگومان شایانی سزادانیش نیە.

سەرەنجامی چارەنووسی خوشك و برای ئەویندار یەکتری ئاوەھایە کە دەڵێن:

برا لەبەندیخانەی گشتی و خوشك لە زایشگای تایبەتی و نھێنیدا.

لە گەڵ یەکەمین چرکەی پاش لە دایکبوون و پێش چاو تروکانی بەرھەمی عەشق و عەلاقەی ژیلا و بەختیار، لەژێر چاودێری زیندانەوانان و دوکتۆر و مامانی تایبەتی داو و دەزگای ئەمنیەتی حوکومەتی عەدلی ئیلاھیدا! لە یەکەمین چرکەی پاش لە دایکبوونی کۆرپەکە، بێئەوەی بە شێوەی بەدنیاھاتنی منداڵی ئاسایی و ھاوچەرخ، کە لەیەکەمین چرکەی چاو ھەڵێنانی دەیخننە ناو سینگ و مەمکی دایکیدا، تا کۆرپە لەناو سینگ و بەرۆکی دایکیدا چاو ھەڵێنێ و بە شێوەیەکی سروشتی دایك و فرزەند بە زەین و بۆنی یەکتری بۆ ھەمیشە ئاشنابن. بەڵام بە پێچەوانەوە، ھەر لە چرکەی یەکەمەوە پاش ڕەھابوونی، منداڵەکە بۆ شوێنێکی نادیار و لەپێشدا دیاری کراو دەیگوێزنەوە.

ئەوسا بەختیار بۆ بەندیخانەی گشتی نێرراوە. ئێستایش ژیلای زەیسانی تەڕ و تلیسك بە ئاشکرا بۆ بەندیخانەی گشتی بەڕێ دەکەن. بە ئاشکرا بانگەشە دەکەن و دەڵێن دەبێ بەختیار چاوەڕوانی (داری حەد) و بەندیخانەی ھەمیشەیی و ژیلایش چاوەڕوانی سەنگساریبێ.!

لەم کورتە نووسینەی من وەك سەردەبیری گۆڤاری جیھانی منداڵان ئەفسانە و تەنز و واقیعیەتم تێکەڵاو کردوە. ھیوادارم ھاوڕێم شەھاب مەنمی بە تێڕوانینێکی فەلسەفەی عیلمی تیشك بخاتە سەر نووسینەکەم تۆزێك بۆ خوێنەرانی شیکاتەوە.

سەرنووسەر گۆڤاری جیھانی منداڵان ع کیتابی
1=10=2004

## دیاردەی Incest

ئەو دیاردەیەی کە ع کیتابی ئاماژەی بۆ کردوە پێی دەوترێت Incest کەواتە پێکەوە خەوتن و جوتبونی خوشك و برا، باوك و کچ، کور و دایك. Incest وەکو دیاردەیێك لە نێو کۆمەڵگاکانی جیھان بوونی ھەیەو زۆرە، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئایا چ کولتورێك ئەم دیاردەیە بەلایەوە ئاساییە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستیمان بە لێکۆڵینەوەیەکی ئانترۆپۆلۆژی ھەیە بۆ ئەوەی لەنزیکەوە بتوانین ئاوڕێك لە دیاردەکە بدەینەوەو بابەتەکەش بخرێتە نێو چاوچێوەیەکی زانستی.

بۆ گەڕان بەدوای ئم دیاردەیەو تا چ ڕادەیێك باوە لەنێو کۆمەڵگاکانی دونیا، چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئانترۆپۆلۆژی مەیدانی کراوەو بە بۆچونی نزیکەی سەرجەم ھەموان دیاردەیێکی (شاززە)! مەبەستیش لەم ووشەیە ئەوەیە کە لە نێو کولتورەکانی سەرجەم دونیا ئەم دیاردەیە باونیە، بەڵام ڕوودەدات.

زانستی ئانترۆپۆلۆژی ماوەی 80 = 100 دەبێت لێکۆڵینەوەو سەردانی مەیدانی سەرجەم کولتورەکانی دونیای کردوە. دوا کولتوورو کۆمەڵگا کە لە ساڵانی 70 = 80 کاندا دۆزرانەوە و کولتوری زۆر سەرەتایی بوون، دیاردەی Incest لەناویاندا ئاسایی نەبوە. مەبەستیشم لە دیاردە ئەوەیە، کە ئەم نریتە ئاسایی بێت وەکو لە زۆربەی کولتورەکاندا ئامۆزا و خاڵۆزا پێکەوە ئێزدیواج دەکەن، (بڕوانە کە لە کۆمەڵگای سویدیدا ئامۆزاکان وەکو برا و خوشك حیسابیان بۆ دەکرێت)!

ئەم بابەتەی کە کاك ع کیتابی نووسیویەتی بابەتێکی زۆر سەرنج ڕاکێشەو لەزۆر کۆمەڵگای دونیادا نەفرەتی لێدەکرێ، بەتایبەت لە

ڕوانگەی ئایینیەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێت کە دیاردەکە بوونی نیە. لە ڕوانگەییێکی سایکۆلۆژی کە فرۆید زیاتر جەختی کردۆتە سەر، لەو ڕۆژەوەی مرۆڤ بوونی هەیە ئەم دیاردەیە بوونی هەبوە. فرۆید زیاتر جەخت دەکاتە سەر  دیاردە دەروونێکە کە نادیارە، بۆ نموونە ئەگەر برایێك خوشکی خۆی خۆش ویستو ئارەزووی لیٚ هەبوو ناوێریٚ بە ئاشکرا دەریبڕێت لەبەر چەند کۆسپێکی دابونەریٚتی. دیاردەی ئۆدیب Oidipus کەواتە ئەو پادشایەی بیٚ ئەوەی بزانێت لەگەڵ دایکی خۆی خەوتوە یێکە لە دیاردە زەقەکانی فرۆید کە بووە هەرایێکی گەورە، جا بە بۆچوونی فرۆید ئەم دیاردەیە دیاردەیەکی شاراوەیە کە لە دەروونی هەموو کوڕێکدا بەرامبەر بەدایکی خۆی هەیەتی.

مرۆڤ لەو ڕۆژەوەی دروست بووە ئەم دیاردانەی تیادا هەبوەو بەچەند قۆناغێکی جیادا تێپەڕبووە. لە چاخەکانی بەردا بەهۆی نەبوونی هیچ یاسایێکی دیاریکراو و بەهۆی دروست نەبوونی کۆمەڵگا، خێزانەکان زۆر پەرشوبڵاو بوون و لەئەشکەتو پەناگا دوورلەیەکەکاندا دەژیان و دیاردەکە سروشتی و ئاسایی بوو، بۆیە خوشکو برا لەگەڵ یەکتر دەخەوتن بۆ گەشەپیێدانی ژیان و زۆربوونی نەوەی نویٚ.
بە گەشەکردن و پیێکهاتنی کۆمەڵگا چەند یاسایێك جێکەوت، لەو یاسایانە یاساکانی ئایین بوو هەرچەندە ئەمانیش بەچەند قۆناغێکی جیادا تێپەڕبوو. دیاردەی Incest لە هەموو کۆمەڵگایێکدا بوونی هەیەو ڕوودەدات، بەڵام دوای بەرزبوونەوەی شارستانێتی و یاساکانی ئایین، دیاردەکە قەدەغەکراو لە نێو خێزانەکاندا بە شەرمەزارییەکی گەورە دەژمێردرا. ئەوەی زیاتر ڕوون و سروشتی کرا ازدواجکردنی خاڵۆزا و ئامۆزا بوو. بۆ نمونە فیرعەونەکانی میسر و پادشاکانی ئاشووری بۆ پاراستنی نەژادپەرستی پادشایەتی خۆیان لەگەڵ دایك و کچی خۆیاندا ئیزدواجیان دەکرد. بێگومان بابەتەکە زۆر قوڵ و پیێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی بەرین هەیە، بەڵام ئەوەی لێرەدا شاییێنی باس بێت و ئاماژەی بۆبکرێت شێوەی سزادانی ئەم دیاردەیەیە کە ئایا چی بێت و چۆن بێت.

سزادانی ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدا جیاوازن. لە کۆمەڵگای پیێشکەوتوخوازدا نەك سزانادریٚ بەڵکو یارمەتیشیان دەدرێت بۆ ژیانێکی ئاسایی بۆ خۆیان و منداڵەکانیان. بەڵام لێرەدا باس لە کۆمەڵگا دواکەتوەکانی ئێستا دەکەین کە ئایینیان کردۆتە تەنها یاسا بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە. ئێران نموونەیەکی ڕوون و ئاشکرایە کە بە گوێرەی ئایینی ئیسلام ڕەفتاردەکات و تاوانبارەکان سزایەکی زۆر (هەمەجی) و سەلەفیانە دەدریێن. وەکو لەو نموونەیەی کاك ع کیتابی هێناویەتەوە ئەم جۆرە سزایانە ڕیشەی لەو کۆمەڵگایانەدا داکوتاوەو ڕیفۆرمێکی بنەڕەتی لە ڕوانگەیەکی عیلمانیەوە پیێویستە.
لە ڕوانگەییێکی عیلمانی لیبڕالیانەوە کە سەیری ڕووداوەکە دەکەم ناتوانم بگەمە ئەو باوەڕەی کە ئایا بۆچی سزای ئەو کچ و کوڕە بەو شێوەیە هەمەجیانەیە بێت. ئایا ئایینی ئیسلام کە بە بۆچوونی خۆیان کێشە نیە چارەسەری نەکات، چۆن ڕیێگا بە خۆی دەدات ژیان لە دوو خۆشەویست بستێنیٚ، هەرچەندە با خوشك و براش بن!؟
خۆشەویستی بە بۆچونی من شتێکی زۆر پیرۆزە، هەروەها بە بۆچوونی دەروونناسان دوو کەس لەگەڵ یەك خەوتن، ئەوە خۆشەویستی دوولانەیە پاڵیان پیێوە دەنێت کە ئەو کارە بکەن نەك دژایەتی. ئیسلام بەو کارە نالەبەرانەی دەیەوێت لە ناوەڕۆکی دەروونی هەمو کەسێك بکۆڵێتەوەو سزای بدات، هەتتا لە شێوەی بیرکردنەوەیشی بکۆڵێتەوەو سزای بدات! ئەمەش بێگومان وەکو پراکتیك کارێکی ئاسان نیە و ناکریٚ، چونکو تۆ نازانی لە دەروونی کەسێکدا چی دەخولێتەوە. جا ئایا ئەو ڕووداوە کە بە شێوەی پراکتیك ڕوویداو پیێی زانرا و سزای دەدریٚ، ئایا ئیسلام چۆن لە شتە دەروونیە شاراوەکان دەکۆڵێتەوەو سزای دەدات. هەرچەندە لەلای ئیسلامیشدا شتێکی ئاشکرایە کە کۆنترۆل کردنی نەفسی ئینسانی مەحاڵە. جا هەر بۆیەش ئیسلام بە دەیەها کۆسپ و تەگەرەی خستۆتە سەر ڕیێی ئازادی ئینسانەکان، بەڵام ئەم چارەسەرکردنە مەحاڵە سەرکەوتنی.

لە کۆتاییدا دەمەویٚ ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە دیاردەی Incest و Pedofil دوو پەدیدەی جیاوازن (Pedofil کەواتا ئەو پیاوانەی حەز لەجووتبوون لەگەڵ منداڵ دەکەن و دەستدرێژی دەکەنە سەریان بێئەوەی ئەو منداڵە بەستەزمانانە توانای بەرگری لە لەش و ماڤ خۆیان هەبێت). جا زۆر گرنگە ئەم دوو دیاردەیە لەیەك جیاکرێتەوەو، من بەوپەڕی نەفرەتەوە ئیدانەی Pedofil دەکەم.

شەهاب مەنمی 20=10=2004